North America Committee of Komala Party – Iranian Kurdistan

# را پۆرتی بەڕێوەچوونی ڕێ و ڕەسمی ڕۆژی کۆمەڵە لە شاری تۆرێنتۆی کانادا

ڕۆژی 29ی ڕێبەندان، ڕێکەوتی 18ی فێورییە، بۆ ڕێز گرتن لە 26ی ڕێبەندان، ڕۆژی کۆمەڵە، لە شاری تۆرێنتۆی کانادا، هەروەك ساڵانی رابردوو، ڕێ و ڕەسمێکی شکۆدار، بە بەشداری کەسایەتییە سیاسی و فەرهەنگییەکان، لاوان، ژنان و پیاوانی خەباتکار و ژمارەیەك لە ئەندامانی پارلمانی کانادا بەڕێوە چوو. نزیکەی 1500 کەس لە شاری تۆرێنتۆ و شارەکانی دیکەوە خۆیان گەیاندبوە شوێنی بەڕێوە چوونی ر و ڕەسمەکە بۆ ڕێز گرتن لە 27 ساڵ خەباتی ئاشکرای کۆمەڵە.

شوێنی بەڕێوەچوونی ڕێ و ڕەسمەکە بە وێنەی هاوڕێیانی گیانبەختکردوو و رابەر، کاك فوادی مستەفا سوڵتانی، دوکتور جەعفەری شەفیعی، کاك حەمە حسێنی کەریمی و کاك سدیقی کەمانگەر، شیعارەکانی کۆمەڵە و ئاڵای کۆمەڵە و ئاڵای کوردستان رازابۆوە. سروودە شۆڕشگێڕانەکانی کۆمەڵە، لەگەڵ چەند وێنە لە خەباتی خەڵکی کوردستان و چالاکیی کۆمەڵە لە ماوەی دەیەکانی رابردوودا و چەند بەشێ لە شێوەی کار و بەرنامەکانی ڕۆژهەڵات تیڤی بە پرۆژۆکتۆر نومایش دەکرا و سەرنجی ئامادە بووانی بۆ لای خۆی راکێشا.

ڕێ و ڕەسمەکە بە راگرتنی دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ ڕێز گرتن لە یادی شەهیدانی کۆمەڵە و بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی کوردستان دەستی پێکرد و بە سروودی کۆمەڵەی زەحمەتکێشان شکێندرا. پاشان هاوڕێیان ئەرشەد و چنوور ڕێزی بەرنامەکانیان راگەیاند و ڕێزیان لە یادی هونەرمەندی شۆڕشگێڕ و پێشمەرگەی دێرینی کۆمەڵە مەرزیەی فەریقی گرت. بەم شێوەیە بەشی یەکەمی ڕێ و ڕەسمەکە بە هونەرنەمایی گۆرانیبێژی خۆشەویست، سیرووس، بۆ ماوەی یەك سەعات درێژەی کێشا.

بەشی دووهەمی ڕێ و ڕەسمەکە بە قسە و باسی هاوڕێ حەمید بەهرامی، ئەندامی کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵە، بە بۆنەی 26ی ڕێبەندان، ڕۆژی کۆمەڵە دەستی پێکرد. هاوڕێ حەمید بەهرامی، لە قسەکانیدا وێڕای ڕێز گرتن لە ڕۆژی کۆمەڵە و پیرۆزبایی کردنی لە خەڵکی کوردستان و هەموو ئازادیخوازان و خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان، ئاماژەی کرد بە هەلومەرجی سیاسی ئێران و دۆخێکی قەیراناوی کە ڕژیم تێی کەوتووە. هاوڕێ حەمید سەبارەت بە قەیرانی ئەتۆمی کۆماری ئیسلامی وتی: دەست ڕاگەیشتنی کۆماری ئیسلامی بە چەکی ئەتۆمی، نە تەنیا دەبێتە ئامرازێکی دیکە بۆ سەرکوتی خەڵك و ئازادیخوازان لە ئێران، بەڵکوو ئەمنییەتی ناوچەکە و هەموو جیهان دەخاتە مەترسیەوە. هاوڕێ حەمید سەبارەت ململانێی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ڕۆژئاوا وتی: ڕژیمی ئێران بەرپرسیاری هەر جۆرە مەترسی و زەرەر و زیانێکی داهاتوویە.

هاوڕێ حەمید دەسکەوتەکانی هەتا ئێستای کوردستان عێراقی بەرز نرخاند و ڕەوتی دێمۆکراتیزە کردنی زۆرتری ئەم ناوچەیەی بە قازانجی بزووتنەوەی ئازادیخوازانە لە ناوچەکە زانی. هاوڕێ حەمید جەختی دوبارەی کردەوە لە سەر هەڵوێستی هەمیشەیی کۆمەڵە دەربارەی بەرەیەکی یەکگرتووی کوردستانی و هاوکاری و نزیکایەتی زۆرتر لەگەڵ ڕەوتە دێمۆکرات، ئازادیخواز و سێکۆلارەکانی سەراسەری ئێران. هەروەها ئاماژەی بە پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی تی‌ڤی کرد و وێڕای دەستخۆشی کردن لە هەموو ئەو کەسانەی هەتا ئێستا هاوکاری ئەو تەلەڤزیۆنەیان کردووە و یارمەتییان داوە، وتی: ئەم تەلەڤزیۆنە بە هەوڵ و هیممەت و هاوکاریی ئێوە خەڵکی ئازادیخواز، ئەندامان و لایەنگرانی کۆمەڵە و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستان دەستی بە کاری کردووە و بێ‌شك بەردەوامبوونی و پڕناوەڕۆك بوونی بەرنامەکانی پێویستی بە هاوکاریی ئێوەیە.

بەشێکی دیکە لە ڕێ و ڕەسمەکە تەرخانکرا بۆ قسە و باسی چەن لایەنێك و خوێندنەوەی پەیامەکان. بەڕێز "مایکل ئەگنە تیف" (Michael Ignatieff) یەکێ لە ئەندامانی بەرجەستەی حیزبی لیبراڵی کانادا و ئەندامی پارلمانی ئەو وڵاتە وتەیەکی پێشکەش کرد و وێڕای پشتیوانی لە خواستی گەلی کورد بە گشتی و خەڵکی کوردستانی ئێران بە تایبەتی، ئاماژەی بەو گرفتانە کرد کە خەڵکی کورد لە ناوچەکەدا لەگەڵی بەرەوروون و خوازیاری بە ڕەسمی ناسینی مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ خەڵکی کورد بوو. هەوەها بەڕێز "جیم کاری جیاننیس (Jim

Karygiannis) له ئەندامانی حیزبی لیبراڵی و ئەندامی پارڵمانی کانادا وتەیەکی پێشکەش کرد و پشتیوانی له خەڵکی کوردستان و بزووتنەوەکەیان کرد.

له درێژەی ڕێ و ڕەسمەکەدا، پەیامی حیزب و ڕەوتە سیاسی و نیهادە دێمۆکراتیکەکان خوێندراوە کە بریتی بوون له:

یەکێتی نیشتمانی کوردستان، پارتی دێمۆکراتی کوردستانی عێراق، حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، فدراسیۆنی کوردەکان، بەرەی دێمۆکراتیکی جەماوەریی خەڵکی عەرەب ئەحواز، کومیتەی تەشکیلاتی کۆمەڵە له ئەمریکا، کوردیش کامیۆنێتی لەندەن- ئانتاریۆ و گروپی ژنانی ئانتاریۆ له لەندەن.

هەروەها حەوتوونامەی شەهروەند، تەلەڤزیۆنی بامداد و کاناڵی تەلەڤزیۆنی ماهوارەیی کوردسات لەو ڕێ و ڕەسمەدا بەشدار بوون. تەلەڤزیۆنی بامداد، وێڕای ئامادە کردنی ڕاپۆرتێ لەو ڕێ و ڕەسمە، وتوویژێکی لەگەڵ هاوڕێ حەمیدی بەهرامی کرد سەبارەت بە ڕێ و ڕەسمەکانی ڕۆژی کۆمەڵە له ناوخۆ و دەرەوەی وڵات و چەند تەوەرەی دیکە سەبارەت بە ئێران. هەواڵنێری کوردسات ڕاپۆرتێکی تێروتەسەلی له ڕێ و ڕەسمی ڕۆژی کۆمەڵە ئامادە کرد و هەواڵنێرانی ڕادیۆ کۆمەڵە و ڕۆژهەڵات تی‌ڤی لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر له بەشدار بووان وتوویژیان کرد و را و بۆچوون و پێشنیارەکانی ئەوانیا وەرگرت دەربارەی ڕێ و ڕەسمی ڕۆژی کۆمەڵە و هەروەها ڕۆژهەڵات تی‌ڤی. له ماوەی ڕێ و ڕەسمەکەدا بە بۆنەی ڕۆژی کۆمەڵە و دەست بەکار بوونی ڕۆژهەڵات تی‌ڤی له ناو میواناندا شیرینی بڵاو کراوە. هەروەها بە ئیبتکاری بەڕێوەبەرانی ڕێ و ڕەسمەکە، بە بۆنەی 27مین ساڵڕۆژی خەباتی ئاشکرای کۆمەڵە، 27هەدیە، بە شێوەی قورعە کێشی درا بە 27 کەس له بەشداربووان.

بەشی هونەریی ڕێ و ڕەسمەکە بە دەنگی گەرم و خۆشی هونەرمەندی لاو چۆپی کەرکوکی و فواد و سیرووس ڕازایەوە و شایی و هەڵپەڕکێ هەتا سەعات 2ی شەوی خایاند.

بەمجۆرە سوپاس و پێزانینی خۆمان پێشکەش بە هەموو بەشداران، حیزب و هێزە سیاسییەکان، کاناڵە تەلەڤزیۆنییەکان و هەموو ئەو کەسانە دەکەین کە له ڕێی دوورەوە هاتبوون بۆ ڕێ و ڕەسمی 26ی ڕێبەندان، ڕۆژی کۆمەڵە، له شاری تۆرێنتۆی کانادا و هەروەها هەموو ئەو کەسانەی له بەڕێوە بردنی ئەو ڕێ و ڕەسمە شکۆدارەدا

**هاوکاری ئێمەیان کرد. لەو کەسانەش کە بە هۆی کەمبوونی جێگە و رێگە و پڕ بوونی سالۆنەکە نەیانتوانی لە رێ و ڕەسمەکەدا بەشداری بکەن، داوای لێبوردن دەکەین و هیوادارین لە داهاتوودا ئەوە قەرەبوو بکەینەوە.**

**کۆمەڵەي شۆرشطيري زەحمەتکيشاني کوردستاني ئيران**

**کوميتەي ئامريکاي باکوور**

**21ی فێورییەی 2006ی زایینی**

**2ی رەشەممەی 1384ی هەتاوی**


northamerica_komala@yahoo.com
TEL , FaX : 416- 850 9980





KORG
KORG TRITON
سەرکەوتوو بێ بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی





